
جەنگەڵەکانی
ڕوح
بڕوا تێنێرێ

# جەنگەڵەکانی ڕوح

🖋 بڕوا تێنێرێ. ٢٠٢٥

ناوی کتێب: جەنگەڵەکانی ڕوح

ناوی نوسەر : بڕوا تێنێری

بابەت :هۆنراوە (تاریک)

ساڵی بڵاوبونەوە : ٢٠٢٥

**یەکەم کۆمەڵگەی شیعری نووسەر.**

**بڕوا ـ شاعیری گەنج کە بە زمانی کوردی دەنووسێ چاپی یەکەم ـ ٢٠٢٥**

**مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە، بەبێ ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەس و لایەن چاپخانەو کتێبخانەیەک مافی بڵاو کردنەوەی نییە.**

# پێشەکی

لە قوڵایی شـــەوانی تەنیایی و لە نێوان پەلامارەکانی خەم و ئازارەوە، ئەم شـــیعرانە لەدایک بوون. هەر وشـــەیەک لەم کۆمەڵگەیەدا هاواری ناخێکی بریندارە کە بە گەڕان لەدوای مانا و ڕاستی لە ژیاندا خەریکە.

''جەنگەڵەکانی ڕوح'' گەشـــتێکە بۆ ناو تاریکترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، لەوێدا کە ڕۆح خۆی لەگەڵ وەهمە ترســـنـاکەکـانی نـاخ دەبینێتەوە. لەم جەنگەڵەدا درنـدەکـانی بێهیوایی، گورگەکانی تەنیایی، و نیشتەرەکانی ئازار دەژین.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم تـاریکییەشـــدا، ئەم شـــیعرانە بە گەڕانێک دەچن بۆ ڕوونـاکی. هەر هۆنراوەیەک پێشـــکەشـــکردنێکە بۆ ئەو خوێنەرەی کە خۆی لە هەمان ئازار و پرســـیارانەدا دەبینێتەوە.

لە ''گوێم لە دەنگێکە'' تـا ''من چیتر هی ئەم جیهـانە نیم''، گەشـــتێکە بۆ نـاو قووڵایی نـاخی مرۆڤ، لەوێـدا کە مردن و ژیـان، هیوا و بێهیوایی، تەنیـایی و بەدواگەڕانی مرۆڤ یەک دەبنەوە.

ئەم کتێبە بۆ ئەوانەیە کە لە شـــەوانی درێژدا چاویان خەو نابینێت، بۆ ئەوانەی لە ناو قەیرانی ناســـینی خۆدان، بۆ ئەوانەی کە لە جەنگەڵەکانی خۆیاندا گومڕان و بە گەڕان لەدوای ڕێگەی دەرچوون ن.

با ئەم وشانە بۆتان ببنە هاوڕێ لە تاریکیدا، و با لە کۆتاییشدا یەکجار ڕووناکی ببینن.

# بەشی یەکەم: ناخی تاریک

## خودی گومان لە ناوبەری حەقیقەتی مرۆڤە!؟

## جەنگەڵەکانی ڕوح

ئەگەر تێگەیشتی، هەم نامەیەک بنێرە
من هەر لە جێی خۆمم
لە گەرەکی «بوون»
لە کۆڵانی مێشک
لە خانوی ؟!

لەو ڕۆژەوەی ئادەم لە بەهەشت دەرکرا
مرۆڤ بوو بە ئیبلیسی ناخی خۆی
لەو ڕۆژەوە بوون بوو بە نەبوون

من لێرەم
لە شەقامە سارد و پڕ لە سامەکان
لە ناو تەنیایی ڕوح...

ئەی درندەکانی ڕوح!
ئەی جانەوەرە دۆزەخییەکانی نێو بوونی من!
لە کوێن؟ کوێ؟

چنگ و نینۆکە تیژەکانتان
لە ڕوح و گیانم دەرکەن
ئەو دۆزەخەی لە روحم داتانگیرساندووە...
گڵپەی دێ... بکوژێنەوە ، بکوژێنەوە.

**گوێم لە دەنگێکە**

نە دەنگی بولبولە، نە دەنگی زورنایە
نە دەنگی باڵندە کۆسارییەکانە
نە دەنگی شادییە

دەنگێک دێ...
دەنگێک دێ و گوێم ئەیبیستێ

نە دەنگی شیوەنی ژنە رەشپۆشەکان
نە دەنگی منداڵانی گەرەک
نە دەنگی کەو باڵندەکۆچەرییەکان

دەنگێک دێ... ئەیبیستم!
نە دەنگی کیژۆڵەی منداڵکارەکانە بە کراسی سپی
دەنگێک دێ...

دەنگی شکانی ئێسکەکانی ناخ
دەنگی شکانی پەراسوی دیلەکانی ناخ
دەنگی قیژەی ناخ...

بیستم، بیستم!

قیژەی ڕۆژە ڕەشەکان
شکانی یادەوەرییەکان

دەنگێک دێ...
وەک گفەی با
وەک ناڵەی دارە پرچ زەردەکان

دەنگێ دێ...
دەنگی ناخی ئینسان.

**قیامەت**

ڕوحم لە جەستەم دەلەرزێ
وەک ئەو نەمامەی بە تەوژمی زستان
رادەچەڵەکێ

هەناسەم دەبرسکێ
مردن بانگم دەکا

قوڵای ناخم دۆزەخەو من ئیبلس
ناخ بە پاڵنان ڕام دەکێشێ
هیچ ڕزگارم ناکا

نە سۆز، نە هەست، نە ئەقڵ
نابێ بە کردەوە و
لە حەشر دەربازم ناکا

**شەو**

شەو تاریک و بێدارەو
نوقی تاریکیمو
لە نێو زیندانی پێخەفەکەم زیندو بەچاڵ

شەو بێدارەو، تاریکی باڵی گرتووە
بەسەر ئەم تەمی خەیاڵەمدا

کونجی ناخم زیندانی دیلەو
نانم خەمی ڕوژی روناک
خەیاڵی ڕۆژم شەوەو
سپێدەم تاریکی چاڵ

**یەڵدا**

ئەم شەو یەڵدایە و... ونبووم

یەڵدایە و... خۆم دادگایی دەکەم!؟

یەڵدایە و...

لە قیامەتی ناخدا

کردەوەکانی ناخ بەرەو دۆزەخ پەلکێشم دەکەن

ئەم شەو یەڵدایە و...

بادەی ناخ دەگێرم

یەڵدایە و...

لە جێگەکەم زیندو بەچاڵم

یەڵدایە و... نابڕێتوە

## ئازار

بە نیو ئێسکەکانم دێو دەچێ

ناتوانم هاوار کەم

گەدەم تێک دەچێ

برینم خوێنی لێ ئەچکێ

هەناسەم قەتیس ئەبێ

بوونم تێک ئەشکێ

ئەمەیە ئازار، یا دڕندەی مرۆڤەکان

ئەمەیە ئازار، یا زاڵمی مرۆڤەکان

# بەشی دووەم: گەڕان

## ڕێ

گەر لە تەنهایی بڕۆم... هیچ کەس تەنها نابێ
تەنها یەک چاویش نییە ئەسرینی تەنهایم بۆ بڕێژێ

بە هەر ڕێیە بڕۆم... ئەویش تەنها ئەبێ
ژیانم وەک تولە ڕێیە لەبیرکراو

هەر پێیدا دڕۆم و...
ترسی تەنهایی ڕێم لێ ونەکاو

چرخی ڕێم لە تەنهای کورەو
ڕێم تەنهایەو...
منیش لەبیرکراویی ڕێ

**بێ دار**

بیئاگا مرۆڤانی دەور
بیئاگا لەوەی دەڵێن: "تۆ مرۆڤیکی خەوالوو"

بێئاگا لە پیجەفەکەم
بێ داروو زیندوو بە چاڵ

نقووم بووی نیو تاریکی شەو
زیندانم لەنێو خۆم و دیلی شەو

**تەنیایی**

لە نێو کوچە ساردەکانی تەنیایی
لە ژێر دارگڵۆپەکانی شۆستەکانی تەنیایی
بەدوای هاودەمێک دەگەڕێم

هەواری تەنیایی دەم هەژێنێ و
بەرەو خۆی ڕام دەکێشێ

لێرەم... لە نێو مرۆڤەکان
لە نێو ئەو مرۆڤانی کە هەرگیز لە تەنیایی
نابن بە هاودەم

دەڵێن: "دوور بڕۆ، با تەنیابیت".

ئای تەنیایی
چەن هاودەمێکی خراپی!

نە گوێم بۆ دەگری، نە قسەم لەگەڵ دەکەی
نە ئازارم دەدەی، نە وازم لێدێنی
نە روحم دەکێشی، نە ڕێ دەدەی ڕوحت بکێشم

نە یاریت، یا یار...

## گەدا

ئەمە چلۆن گەدایەکە ئەم تەنیاییە،
کە مەستمان دەکا بە شەرابی ڕەنگ سوری ژین.

ئەمە چلۆن تەنیایەکە
کە بێزار نابێ لە گیانکێشانی منی ئینسانی بێ کەماڵ.

## ژیان

درۆیەکی سپیەو... بە ڕەشی وەرمانگرت

بایەخێکی نەماوە ئەم درۆیە
لەلایەک چاوەرین بە راستگەری
لەلایەک دەترسین وەک بۆمبێکی چێنراو

لە ئاپۆرای جەنگی ئەم زەمینە... بتەقێ و
بنا گوێمان کاسکا

**دوڕووەکان**

دوڕووی پاشاقلت لێ ئەگرێ و
ژیان ڕووی راستی خۆی دەردەخا

تاڵی ئەتکێتە دەمتو
مرۆڤەکان دەبن بە ماری دووسەر

هەر سەرەو چەند ڕوویەکی هەیە
کاتێک بە ددانە تیژەکانیان دەتگەزن
چەندین ژەهری دووری دەتکیننە جەست و
هیواش هیواش جیت دەهێڵن بۆ مەرگ و

لە پرسە کەو
بە ڕوخسارێکی ئیبلیس ئاسا
شیوەن بۆ تابوتی ساردی ژینت ئەگێڕن

# بەشی سێیەم: ڕووبەڕووبوونەوە

**نامەوی داهاتوو دوبارەبی ،لەکاتێکدا رابردوو خۆی دووبارەکاتە**

**من و خۆم**

لەو رۆژە
کە زانیم بۆم سادەترین
خەیاڵی ساتی گەمژەی منەو
بووم بە خۆم

زانیم چەن بەهێزم
لە بیرم کردوو
بووم بە خۆم

خۆم باشترین هاوڕێی منەو
خۆم عاشقترین مەقشوقی منەو
خۆم دڵسۆزترین خوشکە برایە
خۆم خەم خۆرترین دایکە باوکە

خۆمم، منەو، من خۆم

**مرۆڤ**

له وانەکانی ژیان تێگەیشم
مرۆڤ زیندەوەرێکی گۆڕاوە
لەگەڵ بارەگۆڕاوەکانی ڕۆژگار
دەگۆڕی

ناکری باوڕپێکراو بێ
هاوڕی بی وەفادار بێ

## هەقیقەتی مرۆڤ

ئەی مرۆڤ...
لە گفتووگۆکردنت بێزار بووم
لە قسەکردن لەسەرم بێزار نەبووی؟

لە هاوڕێیەتیت بێزار بووم
لە دوژمنایەتیم بێزار نەبووی؟

لە خۆشویستنت بێزار بووم
لە ڕق ئەستورت بێزار نەبووی؟

**قەتیس**

تینوێتی مرۆڤ ناخنکێنێ
هەناسەی قەتیس ناوخنکێنێ

گریان لە ناخدا قولپ دەداو
جیاوازییەکی نابێ

لە ناخەوە بخنکێ
یان لە هەناسەی قەتیسی رۆژگار

## وەستاو

من لە کەناری ئەم ژیبیانە چەق بەستووە...

وەستاوم

ژیان تێپەرێ و...

وەستاوم

چەرخی زەمەن هەڵەسورێ و...

وەستاوم

گەڵای پایز هەڵەوەری و...

خەمێک لە ناخمدا بستوویەتی

هیچ دۆزەخێکی زەوی ناتوانێ

بیتوویەنیەتەوە

## دیل

له سوچێکی دنیا دیلم و

بنمیچه تاریکەکەی داهاتوو

پەنجەرەکەی هیوایەکی مردوو

له نیو بۆنه خنکاوەکەی کاسوو

له نیو پیخەفەکەی کڤنکراوو

له قوشبنیکی دنیادا... گۆشەگیر ماو

مردوو، خنکاو، لەبیرکراوم

## خەم

بەبی ویستی خۆمان...
رامان ئەکیشێ
ناخ ئەکا بە قەقنەس

دەنگ و رووناکی...
راکێشەرەی غەمە بۆ ناخ

بکوژی خەیالی منە
ناخ لە تاریکی جیهانیکی دییە و
بەبی بونی مرۆڤانیکی پەیکەر

# بەشی چوارەم: تێڕوانین

**مردن**

مردن دێ
لە دەرگای ژیان ئەیا

مردن دراوسێمەو
بە دزی گوێم لە بۆلە بۆڵی ئەو و ژیانە

مردن بە ژیان ئەڵێ:
رۆژێ دێم لە دەرگات ئەیەم

وەک زریان...
وەک با...

روحت ناکێشم
گیانت نابەم

بەڵام
خەیاڵت ئەروخێنم
ناخت تێک ئەشکێنم
هەرچی هەتە و نیتە ئەیبەم

مردن دەڵێ:

رۆژی دیم لە دەرگات ئەیەم

تەواوی ئەوەی دروستت کردووە

لە ناوی ئەیەم

ژیان ئەزریکێنێ و ئەڵێ:

روحم ببە!

گیانم ببە!

ژیان ئەزریکێنێ و ئەڵێ:

بکێشە...

هەناسەکانم بکێشە

گیانم... بکێشا!

**ڕابردوو**

ڕۆژەکان تێپەڕن
من زیاتر خەیالاوی دەبم

زیاتر خەیالی رابردوو
رام ئەچڵەکێنێ

ڕۆژەکان تێپەڕن
زیاتر زریکەی ناخ
رام ئەچڵەکێنێ

ڕۆژ ئەڕواو
لە ژێر درەختی تەمەندا
چاوەڕێم

چاوەڕێم
کە زە بای مەرگ هەڵکاو

لَق و پۆپی ئەم درەختی تەمەنەم
راوەشێنی و هەرچی گەڵای زەربووە
هەڵوەرێنێ...

**ئەمرۆ**

چەپۆکی ژیان
بەر روخسارم کەوتوو

تێگەیشتم
چی دی منداڵ نیم

منداڵ نیم
تا داوای بەستەنی خۆشبەختی لیبکەم

منداڵ نیم
تا بەدوای بالۆنی خۆشبەختی بکەوم

چی دی منداڵ نیم...
ژیان حەسرەتی منداڵی
لە ناخم قەتیس کردوو

بۆ ئارەزووی منداڵیش
فرمێسک ئەبارێنێ

**بێدەنگی**

لە نیو مندا
بێدەنگییەکی ترسناک دەژی

بێدەنگییەکی تورە
وەک تارمای شەوێکی تاریک و سامناک

نازانم
لە کوی مندا دەکوژێتەوە

# بەشی پێنجەم:  خاک و هەڵوەریو

**تاجە گوڵی هەڵوەریو**

بیرم دێ...

منداڵێکی لاسار بووم

پڕبووم لە هیوای گولالە سورەی بەهاری

پڕبووم لە خەندەی زەردی خۆرەتاوی

پڕبووم لە بۆنی نوقلو شیرنی

منداڵێک بووم

پەرە سوێلکەکان حەسودییان بە هیواکانم دەبر

کۆلانەکان لە خۆشرویستیانا بانگیان دەکردم

تاجە گوڵینەی منداڵیم هەڵوەری

کوچەکانی خەیاڵم

پڕبوون لە ژەهری مرۆڤەکانی تەمەن

**خاک**

خۆم لە ئاپۆرای خاکدا ونکرد
تا تۆزیی با نەم گاتێ

نەم زانی خاک لە خۆیدا
غەرقم دەکا

تا لە ناخەوە بۆنی تۆزیی خاک
کاسمکا

**وەرزی من**

هێندەی هەڵوەرین گوڵێک لە پایزدا...
غەمگینم
هێندەی توانەوەی پارچە سەهۆڵێک لە هاویندا...
ساردم

هێندەی دڵۆپێک باران لە زستاندا...
شێدارم
هێندەی بێجوی باڵداییێک لە بەهاردا...
تامەزرۆی فرینم

**ئاوابوون**

خۆ دنیای من ڕەنگاو ڕەنگ بوو

سور، پەمەی، سەوز، زەرد

هەموو ڕەنگی ناسکە

ئاوابوو

خەندەی لیوەکانم

وەک شەونمی بەیان

کەسانێک هاتوو

دنیام سیا... وەک شبی تار

زەمەن گوزەراو

دنیای تارم بوو بە سپی

سپی سپی... بیرەنگ، بیهەست

**ناوەوە**

تەنیایی وەک عارفێک
بە دەوری مندا سەما دەکا

نەدەتوانم لەگەڵی سەما بکەم
و نە وەڕەسبم لێی

ونم لە تەنیای خۆم
و بەتاڵم لە بوونێکی درۆ

خۆم ون کردووە
لە وشەوانەی هەمووی لەیەک دەچێ

لەوەی ڕۆیشتووە...
و لەوەی دێ، رۆژێ دێ

پشکۆکانی ناخم
ئەبن بە خۆڵەمێشوو

بۆ یادەوەریم
تۆزی باران ئەبارێ

ئیدی سێبەری ناخم

له خۆم ناچیو

تەنیای تەنگم
پێ هەل ئەچنێ

بەرەو خۆی پەلکێشم ئەکا

ئای... چی زڤستانێک
له مندا هەلیکروه

سەهۆڵبەندانه دەوروم
بەم گەرمییه

من له ساردی ناخم
ڕۆچووم

یادەوەریم تەنها سەختی
له خۆ دەگرێو

هەرکاتی بیەوێ...
ئەتوانی ونبێ

ونبوونی له خۆمدا
ونبێ

**قوشبن**

لەم ژیانەی گۆر بە گۆرەدا

نامەوێ ببم بە باشترینی نیو ئەو گۆڕە

تەنها دەمەوێ

لە قوشبنێکی ئەو گۆڕەدا

بە تەنها باش بەم

## گۆشەگیر

ترسناکترین شتی ئەم ژیانە
جێهێشتنی ماڵەوەیە

وەلەوە. ترسانکتریش
مانەوەیە لە نێو خانوویەک
و جێنەهێشتنی

**جیهان**

گەردوون بۆ من سەقفی هەیە

نەک ئاسمان

پڕە لە ئاسەواری دلۆپی شیو کەروو

نەک ئەستێرە

گەردوونی من دەرگای هەیە

گەر پیوەدا هەموان

لەو دیوییەوە دەمێننەوە

گەردوونی من پەنجەرەی هەیەو

لەوێوە دەتوانی

لە تێپەربوونی زەمەن بڕوانی

گەردوونی من

سنورەکەی چوار مەترو نیوەوە

ئازادیشم

بە قەد شازدە بلۆکە و چوار دیوار

# بەشی پێنجەم : ئاکام

**مەرگ**

لەنیو ڤارگۆنەکانی تەمەن
تەنیاو بی تواناو بەجیماو
چاوەروانی دوا وێستگەو
بی ناسنامەو   تاساو خنکاو

خنکاو لە دواوێستگەی تەمەن
خێراو هەستپێنەکراو تێپەریی و
دوا وێستگەیەو
چاوەروانە مەرگی تاساو

**ماندووم**

ماندووم لە تەواوی ئەو سەختیانەی تیپەری

ماندووم.

لە گەیشت بەو خەونانەی هەرگیز نایەنە دی

ماندووم

لەئەوەی هەمان بوو رۆیی

ماندووم

لەو زەمەنەی تاریکی بووبە چرایی

ماندووم ماندوو

لە خوم و  هەرچی ئادەمی سەر عەرشی پەروەرێن

## بێ چارەیی

ئیستا لەتەنیایی خۆمدا
گیشتوومە ئەوجێیەی
کە هەموو شێک ئەبەخشم
بەکەسانی چواردەورم
هەموو کارێک دەکەم
تەنها بۆ ئەوەی ئەوان بچووکترین کارێک
شتێک بۆ من بکەن
بەلام ئامادەنین و زیاریان دەوێ

**کاول**

لە کاولێکدام ساڵ زووتر لە کاتی خۆی
لە دایک ئەبێ

منیش زووتر لەوەی گەورە بم  کاولم
ئیتر ناتوانم لیشی ڕابێم

لەنیو کاولێکدا کاولکراو
کاولکراوم لە خۆشبەتی

## ونبوو

له کوچەیەکی ئەم ژیانە... ونموو

هیچ ناونیشانیک، یادگارییەک نییە له رابردوو تا بیسەلمێنێ

له رابردوو... ونم

له نێو تەنهاییدا... ونموو

ونبوونی که مرۆڤەکان

له رابردوودا ونیان کردموو

نەگەرانەوە تا له تەمی ونبوون رزگارم کەنوو

وەک ونووبویەکیش ناونوسییان نەکردووم

## بەجێ ماو

لە تاریکی شەوەزەنگی ژیان

لە سوچیکی جیهان...

بەجێ ماوم

لە نێو تاریکای ئەندێشەیەکی مردوو...

بەجێ ماوم

لە قوڵای ناخێکی دیلی رۆژگار...

بەجێ ماوم

لە نیو مرۆڤانێک لخاوکراوی زەمەن

تەنیا ماوم

**نەفام**

بروا دەکەئ یان نا
دنیا درۆیەکی بریقەدارە

دەزانم درۆیەکە
هێشتا هەرکەس
ئەم درۆیەم بۆ بکا
بروای پێئەکەم

## هیچ

قسەیەک نییە بۆ وتن

فرمێسکێک نییە بۆ رشتن

ئاهێک نییە بۆ هڵکێشان

خەمێک نییە بۆ لەبیرکردن

هیچ... لە تۆ گرنگتر نییە

تا بۆی بلیت و... بۆی برێژیت و...

بۆی هەڵکیشیت و ...تا لەبیر بکرێ

**تابوت**

شەوێک مردم

و تابوتی خۆم

لە گۆرستانی ژورەکەم

بە خاک سپارد

بەیانییەکەی هاستامەوە

تا بەکارەکانی پرسەکە ڕابگەم

**كۆتایی**

لەنیو ئاپۆرای ژیاوەکان
دەستم نەویکردوو

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە
وتم دەزانم
کۆتایی ئەم چیرۆکە دەزانم

**من چيتر هی ئـەم جيهانـە نيم**



کاتێک کە مرۆڤ تێدەگات بون
چیە ؟!
پرسیاری دەربارەی بون(ناخی مرۆڤ)
لا دروست بوو ئەوکات تێدەگات ژیان
هیچە بریتیە لەهیچ ،
هیچ و بەس.